هۆشداری لەسەرهەڵدانی پێتایەکی نوێ دەردێت

تیدرۆس ئەدهانۆم، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەمڕۆ پێنجشەممە هۆشداریدا لە دوبارەکردنەوەی هەڵمەتکانی هابردو کاتێک باس لە مامەڵەکردن لەگەڵ بڵاوبونەوەی پێتاکان دەکرێت لە داهاتودا. تیدرۆس ئەدهانۆم لە پۆستکیدا لەسەر پلاتفۆرمی "X" بڵاویکردەوە، "سەرهەڵدانی پێتای نوێ لە داهاتودا تەنها ئەگەر نییە، بەڵکو پەیوەستە بە کاتەوە"، ئەمەش لەکاتێکدایە کە وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دانوستان دەکەن بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی نوێ سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ پێتاکان و ئەنجامدانی هەموارکردنەوەی ڕێکارەکانی ڕێکخستنی ڕێکخراوەکە.

ئاماژەی بۆشکرد، هەروەها دانوستان لەسەر ئامانجەکان دەکرێت بە بەهێزکردنی چوارچێوەی یاسایی بە وڵامدانەوەی جیهان بە پێتاکان.

بەڕێوەبەری تەندروستی جیهانی پێیامێکی ئاڕاستەی پەرلەمانەکان کرد و داوای پاڵپشتی دانوستانەکانی لێکردن، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە میانی کۆبونەوەی داهاتوی ئەنجومەنی تەندروستی جیهانی، کە وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەکە لەخۆدەگرێت، بتوانرێت بگاتە ڕەشنوسێکی ڕێککەوتن.

ئەوەشی خستەڕو، "نابێت ئێو بابێتانێ پشتگوێ بخێین، بێ ئێوەی نێچینێ دواوێ و جیهان بڕوێوی مێترسی پێتاکێی داهاتو نێبینێوێ، وێک ئێوەی پێشتر رویدا"، وەك ئاماژەیەك بێ زێری قوربانیان بەهێی پەتای کڕناوەێ.